# کەرکوک ، ناسنامەی جوگرافی وململانەی نێوان نەتەوەکانی ئەم شارە .

**تێبینی .**

**ڕۆژنامەی** الشرق الاوسط **لەڕۆژی** 23-7-2005 **دا ڕاپۆرتەهەواڵێکی ڕۆژنامەوانی سەبارەت بەشاری کەرکوک بڵاوکردۆتەوەو بەم شێوەیە باس لەمێژوی کۆن ونوێی ئەوشارەدەکات .**

**وەرگێڕان وئامادەکردنی / ئەبوبکر ئەحمەد سلێمان**
24-7-2005 **هۆڵندا**

**شاری کەرکوک دەکەوێتە کۆتایی زنجیرەچیای زاگرۆس و**230 **کم لەباشوری شاری بغداد پایتەختی وڵاتی عێراق ، بەپێی نوسینەبزماریەکانی ساڵی** 1927 **لەسەر ئەوبۆردانەی کەلەدەوروبەری قەڵای شارەکە دەبیندرێن ، ئەوەنیشان ئەدات کەئەم شارە لەوکاتەدا ناوی {ئەربخا } یان {ئەرەفا} بووە تائێستاش گەڕەکێکی ئەم شارەبەناوی عەرەفەماوەتەوە ، هەندێ سەرچاوە ئاماژەبەوەدەکەن کەلەسەردەمی دەوڵەتی ئاشوریدا{ئەربخا}بەشێك بوەلەوشارەکەناوی کەرکوکە ، چەندئاسەوارێکی کۆنی شارستانیەتی ئەم شارەدۆزراونەتەوەکەمێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ**3000 **ســـاڵ لەمەوبەر ومێژوی قەڵای شاری کەرکوک** 5000 **ساڵەوبەگرنکترین شارستانیەتی ناوچەکەلەقەڵەم دەدرێت.**

**لەگەڵ سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلام ناوی شارەکەگۆڕا بۆ { کرخنی}وئەوکاتە کەرکوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دا ناوەندی ویلایەتی شارەزور بولەسەدەی شانزە ، ئەوکاتە ویلایەتی شارەزور هەموناوچەکانی ئەمڕۆی کەرکوک وســـلێمانی وهەولێری دەگرتەوە .**
**میری کوردی ئەردەڵانی وبابانی یەکان بۆماوەی چەندسەدەیەك ئیدارەوسەرپەرشتی ئەم ویلایەتەیان کردوە ، لەگەڵ لەناوچونی دەسەڵاتی بابانیەکان لەساڵی** 1851**دا دەوڵەتی عوسمانی دەسەڵاتی خۆی لەناوچەکەداسەپاند و دەستی گرت بەسەرشاری کەرکوك دا ، لەوکاتەداکەویلایەتی موصڵ دروست کرالەساڵی** 1879 **لیوای کەرکوک کەوتەسنوری ئیداری ویلایەتی موصڵ ولەوکاتەدالیوای کەرکوک کەمەرکەزی ویلایەتی شارەزوربو بەشێوەیەکی ڕەسمی تاکوساڵی** 1894 **پەیوەندی هەبوبەویلایەتی موصڵەوە**
**کەرکوك لەڕوی داهاتی سروشتی یەوەشارێکی دەوڵەمەندە ، هێڵەسەرەکیەکانی بۆری نەوتی کەرکوك ، وڵاتی عێراق لەباشورەوەدەبەستێتەوەبەقەراخ ئاوەکانی دەریای سپی ناوەڕاست وە .**
**لەساڵی** 1972 **سامانی نەوت لەعێراق خۆماڵی کرا ، کەرکوك یەکەم ناوچەبوکەنەوتی تێدا دۆزرایەوە وناوی پارێزگاکەش لە کەرکوك وە گۆڕابۆ {التامیم} بەڵام مەرکەزی شارەکە بەپێی مەرسومی جمهوری کەلەئەنجومەنی سەرۆکایەتی پێشوی عێراق دەرچوبو هەربەکەرکوك ماوەتەوە ، ئەم پارێزگایەوسنوری جوگرافیای شارەکەلە** 3 **دەیەی ڕابوردووەوەتاڕوخانی ڕژێمی بەعـــس لەمانگی نیسانی**2003

هەربەوناوەمایەوە ، هیچ کەسێك بیری لەوەنەدەکردەوەکەئەم شارەبەهەموجیاوازیەنەتەوایەتی یەکانیەوەلەسەردەمی کۆن ونوێداناکۆکیەسیاسی یەکانی نێوان خەڵکی کەرکوك ڕۆژێك لەڕۆژان بەم جۆرەئەتەقێتەوەکەکۆتای کێشەسیاسی یەکانی ئەم شارەبۆهیچ کەسێك معلوم نیە ، بەشێك لەهێزەسیاسی یەکانی عێراقی شاری کەرکوك بەعێراقێکی بچوك دەشووبهێنن کەهەمونەتەوەکانی تێداکۆبۆتەوەولەدێرزەمانەوە کورد وعەرەب وتورکمان وکلدوئاشورلەوشارەدبەیەکەوەژیان بەسەردەبەن .

تەقینەوەی کێشە سیاسی یەکانی شاری کەرکوك ، ئەگەرێکی حەتمی نیەوەك هەندێ کەس بیری لێ دەکەنەوە ، لەهەمان کاتدائایندەی کەرکوك بەتەواوی ئەمن وئارامیش نیە ، مەسەلەکە پەیوەندی هەیەبەچۆنیەتی هەڵسوکەوت ومامەڵە لەگەڵ واقعی کێشەی ئاڵۆزی ئەم شارەدا ، بەمەرجێك کەبەدەستی ئەنقەست لەڕوی سیاسی یەوە پاڵی پێوەنەنرێت بەرەوتەقینەوە ، دەکرێت لەنێوان خەڵکی کەرکوکدازۆربەئاسانی لێك تێگەیشتن هەبێت ئەگەرهێزەسیاسی یەکانی عێراق لێان گەڕێن ، لەگەڵ ئەوەشداکەجۆرێك لەحەساسیەت لەنێوان خەڵکی شارەکەداوجودی هەیە ، بەشێکی ئەوحەساسیەتە تازەخوڵقێندراون وبەشێکیشی لەڕژێمی دیکتاتۆری پێشوە سەپێندراوەبەسەرخەڵکی شارەکەدا ، بەڵام خەڵکی ئەم شارەهەمویان یەك معانات وچارەنوسی هاوبەش لەدەوری یەك کۆی کردونەتەوە ، بەتاییەتی نەبونی خزمەتگوزاری گشتی وبەتاڵەونەبونی حکومەت وئەمنیەت وئارامی ونالەباری باری ئابوری .

لەکاتی گەڕان بەناوشەقامەکانی شاردا ، هەستمان دەکرد کەهەموتیرەوتائیفەکانی شاری کەرکوك وتەنانەت هێزەکانی پۆلیسیش ئەوانەی کەدەگەڕان بەناوشەقامەکانی شاردا ، بەمەبەستی ڕێنمای بازاڕ و خەڵك لەڕێگای بڵاندگۆ وە کەلەسەرئۆتۆمبێلەکانیان دابەسترابو ڕێنمایەکانیان تەنهابەزمانی خۆیان دەخوێندەوە بەبێ گوێدان بەوەی کەبەشێکی زۆرلەخەڵکی شارەکەلێیان تێ ناگەن ، ئەوەی کەزۆرجێگای سەرنج بو ،لەوشارەدا ئەمان بینی زوربەی هێزەکانی پۆلیش کەئەتوانن بەهەموزمانەکانی شاری کەرکوك کوردی وعەرەبی وتورکی وسریانی قسەبکەن ، بەڵام لەکاتی ڕێنمایەگشتی یەکانداتەنهابەزمانی خۆیان ئەدوان ، هەمان حاڵەت لەسەرجەم ئیدارەکانی حکومەتیشداوجودی هەبو ، کارمەندێکی پارێزگای کەرکوك بەناوی عادل زەنگنە پێی ڕاگەیاندین ، ئەنجومەنی پارێزگا کەکوردەکان تێدابالادەستن هیچ دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەیان بەسەرئەوئیدارانەدانیەکەلەلایەن عەرەب وتورکمانەکانەوە بەڕێوەدەچن ، عادل زەنگنەهەروەهاوتی ئەنجومەنی پارێزگاکاتێك کەبڕیارێك دەردەکات وئەی نێرێت بۆ یەکێك لەوئیدارانەی کەعەرب وتورکمانەکان تێدابالادەستن ، زیاترلەڕێگای پەیوەندی فەردی یەوە ئەوئەبڕیارەدەگەیەنرێت وئەوئیدارانەئیترخۆیان سەربەستن لەوەی گوێ لەوبڕیارەدەگرێت یان نا ، ئەم وەزعەبەشێوەیەکی سروشتی بۆتەهۆی فەلەج کردنی زوربەی پرۆژەکانی ئاوەدان کردنەوەلەشارەکەدا وزۆربەئاسانی هەست بەسستی لایەنی ئاوەدان کردنەوەی شارەکەدەکرێت .

بەگشتی وەك لەهەندێ خەڵکی عادی شارەکەوە بیستمان ، ئەم موشکیلەیەلەوەسەری هەڵداوەکەناهێڵن عەرەب وتورکمانەکان بەشداری لەئیدارەی شارەکەدابکەن وبەم شێوەیەتۆڵەیان لێ دەکرێتەوەلەڕوی سیاسی یەوە دەخرێنە پەراوێزەوە ، بە پێچەوانەشەوە عەرەب وتورکمانەکان بەهۆی ئەوە کەتەهمیش کراون ئاستەنگ وکێشەلەبەردەم کاری ئیدارەی کوردەکان دەخوڵقێنن .
جێگری بەڕێوەبەری ئە نجومە نی پارێزگا ڕێبوارتاڵەبانی لەچاوپێکەوتنێکدا وتی سەرکردایەتی سیاسی کورد پێشنیاری بیرۆکەی بەشداری پێ کردنی عەرەب وتورکمانەکانی کردوە لە پرۆسەی سیاسی وئیداری شارەکەداوبەشێوەیەکی ڕاستەقینەئەم تەرحەی خستۆتەبەردەست ، بەڵام لیستی برایەتی بە پێی ئیستحقاقی هەڵبژاردنەکان مافی خۆیانەئیدارەی شارەکەڕێکبخەنەوە ، هەروەها ڕێبوار تاڵەبانی ڕونی کردەوەکە پارێزگای کەرکوك هیچ جۆرەیارمەتێکی تایبەتی لەحکومەتی ئەمریکاوەپێ نەگەیشتووە بەڵکو تەنها پشتی بەستوە بەومیزانیەی کەلەحکومەتی عێراقی یەوەبۆی دیاری کراوەلەگەڵ هەندێ کۆمەك ویارمەتی ترکەلەحکومەتی هەرێمی کوردستان وهەندێ ڕێکخراوی ترەوە دەستی دەکەوێت .

بەڵام سەبارەت بەهەم ئاهەنگی وهاوکاری لەنێوان ئە نجومە نی پارێزگاوهەردوئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێبوارتاڵەبانی وتی ، ئە نجومە نی پارێزگای کەرکوك بە پشتیوانی یاسای بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت بۆقۆناغی گواستنەوە سەربەستی تەواوی ئیداری خۆی هەیەلەچاوپارێزگاکانی دیکەی عێراق وهەربەهۆی ئەوەشەوەمافی ئەوەی هەیەکە پەیوەندیەکی تایبەتی هەبێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان ولەگەڵ هەرناوەندێکی دیکەدا ، وەئەم پەیوەندیەتایبەتی یەسروشتی یەودەلیل نیەبۆئەوەی کەبەکردەوەکەرکوك خراوەتەسەر هەرێمی کوردستان .